خەبات XEBAT

KHABAT Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
Organ of KDP
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

info@xebat.net
www.xebat.net

Thu, 17. May. 2018 No: (5513)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کارگێڕی: 07504514857 دەڤەر: 07504456553 - 07504688380 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696

بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا..

(دوا بڕیاری یاقوب) پەخش دەکرێت



بەرهەم شێخ عزەدین

بڕیارە لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دراماى (دوا بڕیارى یاقوب) نمایش بکرێت. دەربارەی ناوەڕۆک و کاتی نمایشی ئەم دراماىە، لوقمان غەریبی دەرهێنەر بە«خەباتی» گوت: ئەم دراماىە بەرهەمی هاوبەشی کومپانیای بابیلۆن و ناوەندی گاڤ بۆ کاری تەلەفزیۆنیی و سینەمایی کوردییە لە ٣٠ ئەڵقەی ٥٤ خولەکی پێکهاتووە، ناوەڕۆکی دراماکە بریتییە لە کومەڵێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی سەردەم کە تێیدا زیاتر لەسەد ١٠٠ ئەکتەری ناودار و ناسراوی کورد بەرجەستەی ڕۆڵەکان دەکەن، لەوانە (حمە ڕەشید هەرەس، فرمێسک مستەفا، ئەحمەد جۆلا، مستەفا ئەحمەد، سەمیعە ئەحمەد، قادر مستەفا، غەفوور عەبدوڵڵا، حمە سەعید بڕایم) و کۆمەڵێک هونەرمەندی ناوداری تر. دراماکە لە سیناریۆ و دەرهێنانی لوقمان غەریب و کارە هونەرییەکانیش ستافێکی تەکنیکی خاوەن ئەزموون و شارەزای بیانی کە لە وڵاتی ئێرانەوە هێنرا بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەشانەی کە پێویستیان بە تەکنیکی هەبووە.



هەڤاڵ (زیکر) پێشکەش دەکات

دوای چەند ساڵ بێدەنگی و پێشکەش نەکردنی هیچ بەرهەمێکی هونەری، هونەرمەندهەڤاڵ شێخانی بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە سروودێکی ئایینی پێشکەش بە هەواداراني خۆی دەکات بە ناوی (زیکر).

(زیکر)ی هەڤاڵ نزیکەی دوو ساڵە کاری بۆ دەکرێت و لە هەموو ڕوویەکەوە بە کوالیتییەکی بەرزەوە ئەنجامدراوە لە تێکستی (زەیتۆ کانەبی) و دابەشکردنی موزیکیشی لەلایەن (شیاو کەمال) ئەنجامدراوە و موزیکژەنانی بە توانا شیاو کەمال ئەلەند خەیری، ڕەسەن فەتحوڵڵا، ئالان زاهیر) و کاری موزیکی لە ستۆدیۆ سۆلۆ ئەنجامدراوە.

لە بارەی ئەم بەرهەمەوە هەڤاڵ شێخانی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: ئەم کارە نوێیەم دوای ماوەیەک بێدەنگی بەرهەم هات بە هاوکاری ژمارەیەک موزیکژەنی بە توانا، دوای کۆتایی هاتنی کارەکانیشی بە ڤیدیۆ کلیپ لە مانگی ڕەمەزان پێشکەشی هەوادارانمی دەکەم، سیناریۆی ڤیدیۆ کلیپەکەش لەلایەن ڕۆژگار عوسمان دانراوە و لەلایەن کۆمپانیای لیۆ فیلم پرۆداکشن ئەنجامدراوە.

چاپکراوی نوێ



کتێبی (لایەنە ڕێکارەکانی گرێبەستەکانی نەوت)ی پارێزەری ڕاوێژکار سامان خورشید حوسێن، نوێترین کتێبە کە بەمدواییە لە دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی زەینی حقوقی لوبنانی لەدووتوێی 256 لاپەڕە بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە.

پێویستە بەربانگ بخورێت

ئامادەکردنی شۆربای قارچک یان (کوارگ)



ئا: وریشە عومەر: مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هات ئەوانەی بەڕۆژۆ دەبن گەدەیان هەتاکو ئێوارە خاڵییە بۆیە پزیشکەکان ڕێنمایمان دەکەن دوای بەربانگ یەکسەر خواردنی قورس و ڕەق نەخورێت وا باشترە ناوی شلەتێن بخۆین، دواتر یەکسەرنان نەخۆین، بەڵکو دەبێت سوپێکی نیمچە گەرم بخۆین، یان نیسک، دواتر بۆماوەی نیو کاتژمێر بوەستین ئینجا نان بخۆین، بۆیە لێرەدا شێوازی دروست کردنی سوپی قارچک(یان کوارگ) دەخەینە بەردیدی خوێنەران.

شێوازی دروستکردن:

قارچک و کەرە تێکەڵ دەکەین لەمەنجەڵێکدا تاوەکو باش دەکوڵێت پاشان یەک گێزەر و یەک سەڵکی بچووکی پیاز و یەک ماجی مریشک- یەک پارچەی بچووکی سنگی مریشک، کەوچکێک شیری گیراوە و نیو کوپ تێکەڵ دەکەین، خوێ و بیبەری تێدەکەین لەگەڵ وردە گوێز پاشان کەوچکێک گەورە نارد تێدەکەین لەگەڵ کەمێک زەعفەران بۆ ماوەی (20) خولەک با لەسەر ئاگر بێت تا دەکوڵێت و ئەتوانین مەعدەنووس بخەینە شۆرباکەو بەگەرمی پێشکەشی دەکەین.

